نە زیان بەخۆت ونە زیان بەخەڵکی بگەیەنە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نە زیان بەخۆت ونە زیان بەخەڵکی بگەیەنە، ئەوەی قورس وناڕەحەتی بهێنێت -بۆ سەر خەڵکی- ئەوا خوای گەورە قورسی وناڕەحەتی دەهێنێتە سەری».

[سەحیحە بە ئاماژەکانی تر] [(الدارقطني) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە واجبە زیان دوور بخرێتەوە بەجیاوازی جۆرەکانی لەسەر نەفس وخەڵکی، بۆیە حەڵاڵ نیە بۆ هیچ یەکێک زیان لە خۆی یان لە خەڵکی بدات. وحەڵاڵ نیە بەرامبەر بە زیان ئەویش زیانی پێبگەیەنێت؛ چونکە زیان بە زیان لاناچێت مەگەر لەبابەتی تۆڵەسەندنەوە -القصاص- بەبێ زیادەڕەوی کردن. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڕەشەی کردووە لەو کەسەی زیان بەخەڵکی دەگەیەنێت وبارگرانی وناڕەحەتی دەبێت دەهێنێتە سەریان ؛ بەوەی ئەویش تووشی زیان وناڕەحەتی دەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4711